# A geographical analysis of plastic products factories in Penjwen district

Nawshirwan Dawd Ali[1], Ahmad Jalil Ismail[2], nechervan xeraden abdulhadi[3]
geography department,Faculty of Education, koya university

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.22*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The industrial sector includes many branches and types of products, including plastic products, due to the increase in human requirements in diversification of products in order to meet human needs. Penjwen district has not been deprived of this product and currently several factories have been established; therefore, we have tried to conduct this research which is a geographical analysis of plastic products factories in Penjwen district. The importance of our research stems from the nature of this industry that has provided job opportunities for many people in the region and meets the needs of the region in terms of plastic products. At the end of the study, we found that plastic products factories are unevenly distributed among the districts of the district, so that the center district comes first and includes 80% of the factories and Gar Nalparez district, which ranks third, contains only 3.33% of the factories. The distribution of industrial factories in the study area is from northeast to southwest.*
***Keywords:*** *Plastic Products, Industrial Composition, Spatial Distribution*

# شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ كارگەكانی بەرهەمە پلاستیكییەكان لە قەزای پێنجوێندا

م.ی.نەوشیروان داود علی
زانكۆی كۆیە/فاكەڵتی پەروەردە/بەشی جوگرافیا
nawshirwan.dawd@koyauniversity.org
پ.د.احمد جلیل اسماعیل
زانكۆی كۆیە/فاكەڵتی پەروەردە/بەشی جوگرافیا
ahmed.jalil@koyauniversity.org
م.ی. نێچیرڤان خیرالدین عبدالهادی
زانكۆی كۆیە/فاكەڵتی پەروەردە/بەشی جوگرافیا
nechirvan.abdulhadi@koyauniversity.org

**پوختە**

كەرتی پیشەسازی چەندین جۆری پیشەسازی لەخۆی دەگرێت كە بەرهەمە پلاستیكییەكان یەكێك لەو لقانەیە. بە هۆكاری زۆربوونی پێداویستییەكانی مرۆڤ گرنگی ئەم پیشەسازییە زیادیكردووە و جۆراوجۆربوونی بەرهەمەكەشی بە مەبەستی پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی مرۆڤ بەردەوامە، هەروەها ئەو گرنگییە زۆرەی كە هەیەتی وایكردوە لەسەر ئاستی وڵاتان و ناوچەكانیاندا چەندین كارگەی تایبەت بە بەرهەمە پلاستیكییەكان دابمەزرێت كە قەزای پێنجوێنیش بێبەشنەبووە لەم بەرهەمە و لە ئێستادا چەندین كارگەی تیادا دامەزراوە. لەبەرئەوە هەوڵمانداوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین كە شیكردنەوەیەكی جوگرافیی بۆ كارگەكانی بەرهەمە پلاستیكییەكانە لە قەزای پێنجوێندا.

گرنگی توێژینەوەكەمان لە سروشتی ئەم پیشەسازییەوە سەرچاوەی گرتوە كە بووەتە هۆی دابینكردنی هەلیكار بۆ چەندین كەسی ناوچەكە و پڕكردنەوەی پێداویستی ناوچەكە لەڕووی بەرهەمی پلاستیكییەوە. ئامانجی توێژینەوەكە لە خستنەڕووی پێكهاتەی پیشەسازییە پلاستیكییەكانی ناوچەكە و دابەشبوونییان خۆی دەبینێتەوە تاوەكو ببێتە بەرچاوڕوونییەك بۆ

لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی هەبوونی هەر پلانێکی پیشەسازی بۆ ناوچەکە. بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە باسکراوەکان پشتمان بە میتۆدی استقرائی (لەدواگەڕان، پەیپێبردن) بۆ وردەکاری بابەتەکە بەستووە و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بۆمان دەرکەوت کە کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوون بەسەر ناحیەکانی قەزاکەدا بەجۆرێک ناحیەی سەنتەر بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (%٨٠)ی کارگەکان لەخۆ دەگرێت و هەروەها ناحیەی گەرمک ڕێژەی (%١٦.٦٧)، بەڵام ناحیەی ناڵپارێز کە لە پلەی سێیەمدا دێت تەنها (%٣.٣٣)ی کارگەکانی لەخۆ گرتووە. هەروەها ئاڕاستەی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوری ڕۆئاوا دابەشبوون.

کلیلە وشە (بەرهەمی پلاستیکی، پێکهاتەی پیشەسازی، دابەشبوونی شوێنی).

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا

## پێشەکی

چالاکی پیشەسازی بە یەکێک لە گرنگترین چالاکییە ئابورییەکان دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر کەرتە ئابورییەکانیتر و پەیوەندییەکی بەهێز دروست دەکات لە نێوانیاندا، هەروەها هۆکارێکی گرنگی بەرەوپێشچونی ئابوری وڵاتانە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر پشتی پێدەبەستن و جەخت دەکەنەوە لە بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە و هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابورییەکەیان و باڵادەستی سیاسەتەکەیان بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریاندا. ئەم چالاکییە لە هەر ناوچەیەکدا پەرەبستێنێ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و دووبارە دابەشکردنەوەی داهات بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا و ڕێگریکردن لە ناردنە دەرەوەی پارە بە مەبەستی بەدەستهێنانی کاڵای بیانی، ئەمە جگە لە باڵادەستی پێگەی ئابوری ئەوناوچەیە بە بەراورد بە ناوچەکانی دەوروبەری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان لە سروشتی ئەم پیشەسازییەوە سەرچاوەی گرتوە کە بووەتە هۆی دابینکردنی هەلیکار بۆ چەندین کەسی ناوچەکە و پڕکردنەوەی پێداویستی ناوچەکە لەڕووی بەرهەمی پلاستیکییەوە.

## گرفتی توێژینەوەکە

دەتوانین گرفتی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١- ئایا پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە چۆنە؟

٢- لە قەزای پێنجوێن پیشەسازییە پلاستیکییەکان چۆن دابەشدەبن؟

٣- چ هۆکارێک لە دابەشبوونی پیشەسازییەکان لە ناوچەکەدا یارمەتیدەر بووە؟

### گریمانەی توێژینەوەکە

لێکۆڵینەوەکەمان گریمانەی چەند خاڵێک دەکات کە بریتین لە:

١- پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرن.

٢- کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە سەنتەری قەزاکەدا چڕبوونەتەوە.

٣- نزیکیی لە بازاڕی بەرهەمە پلاستیکییەکان بۆ دابەشبوونی کارگەکان هۆکار بووە.

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەکە و دابەشبوونییان تاوەکو ببێتە بەرچاوڕوونی بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی هەبوونی هەر پلانێکی پیشەسازی بۆناوچەکە.

### میتۆدی توێژینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە باسکراوەکان و شیکردنەوەی داتاکان پشتمان بە میتۆدی لەدواگەڕان (استقرائی) بەستووە کە زانیارییەکانی سەرجەم کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەمان وەرگرتووە و دەستخستنی زانیارییەکان لە ڕێگای سەردانی مەیدانی بۆ کارگە پیشەسازییەکان بووە.

### چوارچێوەی شوێنیی و کاتیی لێکۆڵینەوەکە

ناوچەی توێژینەوەکە بریتیە لە قەزای پێنجوێن کە یەکێکە لە قەزا سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە  لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە، لە بەشی خۆرهەڵات و باکوور هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و لە بەشی ڕۆژئاوایدا هاوسنوورە لەگەڵ قەزای شارباژێڕ، لەبەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاوایدا هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و قەزای

سەیدسادق. ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەکە (١١٣٥.٧کم٢) و لە ڕووی کارگێڕییەوە لە سێ ناحیە پێکدهاتووە کە ئەوانیش بریتین لە (پێنجوێن، گەرمک، ناڵپارێز)، بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

هەروەها سەبارەت بە ڕووبەری هەریەکە لە ناحیەکان، ئەوە ناحیەی سەنتەر (٢٣٨.٩کم٢) و ناحیەی گەرمک (٥٩٠.٦کم٢) و ناحیەی ناڵپارێز (٣٠٦.٢کم٢)یە.

سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٥:٢٦:٠٥ -٣٥:٥١:٠٥) باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (٤٥:٤٥:٠٣ -٤٦:٢١:٠٠)ی ڕۆژهەڵات.

چوارچێوەی کاتی لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا پێویستە چونکە دیاردە جوگرافییەکان بەردەوام گۆڕانیان بەسەردادێت. چوارچێوەی کاتیی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە کە سەرەتای دامەزراندنی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێنە و هەتاکو (٢٠٢٣/٧/٢) دەگرێتەوە.

**پلانی توێژینەوەکە**

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر سێ تەوەردا دابەشکردووە هاوشان لەگەڵ پێشەکی و ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:


تەوەری یەکەم: ناساندنی بابەتی لێکۆڵینەوە و پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا.

تەوەری دووەم: دابەشبوونی شوێنیی کارگە پیشەسازییەکان لە قەزای پێنجوێندا.

تەوەری سێیەم: شێوازی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکان بە ڕێگای پەیوەندی هاوسێیەتی

تەوەری چوارەم:هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازییە پلاستیکییەکان و گرفتە پیشەسازییەکان و چارەسەرەکان لە قەزای پێنجوێندا

نەخشەی (١): هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای پێنجوێن




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی(GIS) بە پشتبەستن بە(کریم،٢٠٢٢: ٣).

## تەوەری یەکەم: ناساندنی بابەتی لێکۆڵینەوە و پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا

ئەم تەوەرە بەسەر دوو خاڵی سەرەکیدا دابەش کراوە کە ئەوانیش بریتین لە:

### یەکەم: ناساندنی بابەتی لێکۆڵینەوە

خستنەڕووی چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و پێناسەکردنیان یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی و یارمەتیدەرمان دەبێت لە زیاتر تێگەیشتنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە و هەر بۆیە ئەم خاڵەمان تایبەت کردووە بە شیکردنەوەی چەمک و زاراوەکان و ناساندنی بابەتی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کارگە: بریتیە لە شوێنێکی دیاریکراو کە ئامێرێک یاخود چەندین ئامێری بەرهەم هێنانی تێدایە. کارگە ناوەندێکی گرنگە بۆ چالاکیی پیشەسازی کە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان تێیدا ئەنجام دەدرێت و لە وەرگرتنی کەرەستەی خاوەوە دەستپێدەکات و بە گۆڕین و پرۆسێسکردن و کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانیان تێدەپەڕێت تاوەکو بەدەستهێنانی بەرهەمی کۆتایی (علی،٢٠٢٢: ٧).

٢- پیشەسازی: ئەو چالاکییەیە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێ لە مادەی سەرەتایی جۆراوجۆر یان ئەو کردارانەی کە مرۆڤ بە هۆی بەکارهێنانی جۆرێک ئامێر و مەکینەوە ئەنجامیان دەدات و بە پشتبەستن بە جۆرێک لە وزە و سوتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێ کە پێداویستی مرۆڤ بە شێوازێکی باشتر لە بارە ئاساییەکەی خۆی کە لەبنچینەدا هەیە، دابین دەکات (السماک، التمیمی،١٩٨٧: ١٩).

٣- پلاستیک: وشەی پلاستیک کە لە وشەی پلاستیکۆس (plastikos)ی یۆنانییەکانەوە وەرگیراوە و بەواتای (هەموو شتێک کە دەتوانرێت پێکبهێنرێت) دێت (الزويني،٢٠٢٢: ١٠).

٤- پیشەسازیی پلاستیک: بریتیە لەو پیشەسازییەی پشت بە دەرامەتی سروشتیی جۆراوجۆر دەبەستێت کە گرنگترینیان بریتیە لە (خەڵوز و پترۆڵ و غازی سروشتی و سلیلۆز و ڤیتامینات و بەردی جیری و ڕمڵ و کبریت و خوێ). مادەی پلاستیک یەکێکە لەو دەرامەتە سروشتییانەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە سروشتدا نییە، بەڵکو لەڕێگەی کۆمەڵە کردارێکەوە پارچەکانیان بەیەکەوە دەنوسێت کە ئەمەش بەهۆی پلەی گەرمی یان پەستانەوە دەبێت. ئەو پارچانەی کە گەورەن زیاتر مادەی سەرەتاییی کیمیایی لە خۆیان دەگرن هەر وەک ئەوەی لە تۆپی بچوکدا ، یان لەشێوەی پارچەی ورد یان لەشێوەی مادەیەکی شلی قورس کە جیرییەکی زۆری هەیە، دەبینرێت. دوای ئەوەی پلاستیکەکە بە کردارە میکانیکییەکاندا

تێدەپەڕێت، بۆ پێکهێنان ئامادە دەکرێت و بەمەش پلاستیکەکە بەگوێرەی مادە سەرەتاییە بەکارهێنراوەکان جۆراوجۆر دەبێت (هارون،٢٠٠٢: ٢٦٠).

**دووەم: پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا**

مەبەست لە پێکهاتەی پیشەسازی، بریتیە لە جۆر و سیفەت و خاسییەتە پیشەسازییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە وەک بناغەیەک یان پەیکەرێکی پیشەسازییە بۆ ئەو لق و کەرت و کردارە پیشەسازییانەی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە و لەڕووی بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی جیاوازن و جەخت لەسەر ئەو ڕووبەرانە دەکاتەوە کە بۆ بەکارهێنانەکانی پیشەسازی و یەکە دامەزراوەکان ئامادەکراون و خراونەتە گەڕ، ئەمەش هەموو لایەنە جۆرییەکان دەگرێتەوە بەدەر لە لایەنە چەندێتییەکانی پیشەسازی کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەکردنی پیشەسازی و بڕی تێچوونیان لە گشت یەکە پیشەسازییەکاندا (خليل،٢٠١٤ :٥). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە پۆلێنکردنی پیشەسازییەکان هەیە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی پیشەسازییە هاوشێوەکان یاخود بەیەکەوەبەستنیان لە کەرتە پیشەسازییە دیاریکراوەکاندا و بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە پیشەسازییەکان لەو ناوچەیەدا (الوطبان،٢٠١٠ :١٤٠).

سەبارەت بە پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا و بە گوێرەی پۆلێنکاری نێودەوڵەتی بۆ چالاکیی پیشەسازی (ISIC) ( international standard industrial classification)،چەندین لقی گرنگی پیشەسازی لەخۆ دەگرێت کە لێرەدا هەوڵدەدەین پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی ( ژمارەی یەکە پیشەسازییەکان و دەستی کار و ڕووبەر و سەرمایە) بخەینە ڕوو، هەر وەک لە خشتەی (١)دا هەیە:

خشتەی(١): گرنگی ڕێژەیی پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا، ساڵی (٢٠٢٣)

| جۆری پیشەسازی* | کارگە | | دەستی کار | | سەرمایە | | ڕووبەر بە م$^{٢}$ | | تێکڕای بایەخی ڕێژەیی** | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. کارگە | % | ژ. کرێکار | % | سەرمایە بە $ | % | ڕووبەر | % | % | ڕیزبەندی |
| دروستکردنی سندووق | ٢٧ | ٩٠ | ١٦٦ | ٨٦.٠١ | ٢٩٧٠٠٠٠٠ | ٨٠.٤٧ | ٧٨٧٥٠ | ٨٤.٩٠ | ٨٥.٣٥ | ١ |
| دروستکردنی بۆری | 2 | ٦.٦٧ | 23 | ١١.٩٢ | ٧٢٠٠٠٠٠ | ١٩.٥١ | ٩٠٠٠ | ٩.٧٠ | ١١.٩٥ | ٢ |
| هارینی پلاستیک | ١ | ٣.٣٣ | ٤ | ٢.٠٧ | ٨٠٠٠ | ٠.٠٢ | ٥٠٠٠ | ٥.٤٠ | ٢.٧٠ | ٣ |
| سەرجەم | ٣٠ | ١٠٠ | ١٩٣ | ١٠٠ | ٣٦٩٠٨٠٠٠ | ١٠٠ | ٩٢٧٥٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ٣ |

سەرچاوە: پشتبەست بە پاشکۆی (٢).

لە خشتەی (١)دا بۆمان دەردەکەوێت لە ناوچەی توێژینەوەدا کەرتی پیشەسازیی بەرهەمە پلاستیکییەکان دابەش دەبێتە سەر(٣) لقی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە کارگەی (دروستکردنی سندووق و دروستکردنی بۆری و هارینی پلاستیک) کە ئەو لقە پیشەسازییانەش بەگوێرەی (ژمارەی کارگە و ژمارەی دەستی کار و سەرمایە و ڕووبەر) خراونەتە ڕوو. ژمارەی سەرجەم کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە (٣٠) کارگەیە و هەروەها ژمارەی دەستی کاری ئەم پیشەسازییە (١٩٣) کەسە و سەرمایەی خەرجکراو تێیدا (٣٦٩٠٨٠٠٠) دۆلاری ئەمریکییە و ڕووبەری سەرجەم کارگەکانیش (٩٢٧٥٠)م$^{٢}$. لقی پیشەسازی دروستکردنی سندووق لەڕووی تێکڕای بایەخی ڕێژەییەوە بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی (٨٥.٣٥٪)ی تێکڕای بایەخی ڕێژەیی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت و هەروەها لقی پیشەسازیی هارینی پلاستیک بە پلەی سێیەم دێت و تەنها ڕێژەی (%٢.٧٠)ی تێکڕای بایەخی

*لەم خشتەیەدا لقە پیشەسازیەکان بەگوێرەی ژمارەی کارگەکان ریزبەندیان بۆکراوە.
** تێکڕای بایەخی ڕێژەیی لە ئەنجامی کۆکردنەوەی ڕێژەی هەریەکەلە(ژمارەی کارگە، ژمارەی دەستی کار، سەرمایە، ڕوبەر) و دابەشکردنی بەسەر(٤) دا دەستمان کەوتووە.

ڕێژەیی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێت. هەروەک لە شێوەی (١)دا بەدەردەکەوێت و لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین پێکهاتەی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە پێکدێت لە:


١- پیشەسازی دروستکردنی سندووق: لەم کارگانەدا سندووقی پلاستیکی تایبەت بە بەرهەمی کشتوکاڵی دروستدەکرێت کە لەڕووی تێکڕای بایەخی ڕێژەییەوە بە پلەی یەکەم دێن. سەبارەت بە پێوەرەکانی (ژمارەی کارگە و ژمارەی کرێکار و سەرمایە و ڕووبەر)، ئەم لقە پیشەسازییە بە پلەی یەکەم دێت بە جۆرێک ژمارەی کارگەکانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٢٧) کارگەیە کە ڕێژەی(%٩٠)ی کارگەکانی ئەم پیشەسازییە پێکدێنێت و ژمارەی کرێکار تێیاندا (١٦٦) کرێکارە کە ڕێژەی (%٨٦.٠١)ی دەستی کار پێکدێنێت. سەرمایەی خەرجکراوی سەرجەم کارگەکان (٢٩٧٠٠٠٠٠) دۆلارە و بەمەش ڕێژەی (%٨٠.٤٧) پێکدێنێت و ڕووبەری ئەم کارگانە (٧٨٧٥٠)م٢، کە بەمەش ڕێژەی (%٨٤.٩٠)ی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت و بڕی بەرهەمی ئەم کارگانە ڕۆژانە (٧١٠٤٠) سندووقە.

٢- پیشەسازی دروستکردنی بۆڕی: ئەم پیشەسازییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بریتیە لە دروستکردنی بۆڕی پلاستیکیی بە هەموو قەبارەیەکی جیاوازەوە کە لەڕووی تێکڕای بایەخی ڕێژەییەوە بە پلەی دووەم دێت و ڕێژەی (%١١.٩٥)ی تێکڕای بایەخی ڕێژەیی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت. هەروەها لەڕووی سەرجەم پێوەرەکانی (ژمارەی کارگە و ژمارەی کرێکار و سەرمایە و ڕووبەر) بە پلەی دووەم دێت بەجۆرێک ژمارەی کارگەکانی ئەم لقە پیشەسازییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٢) کارگەیە کە ڕێژەی (%٦.٦٧)ی کارگەکانی ئەم پیشەسازییە پێکدێنێت و ژمارەی کرێکار تێیاندا (٢٣) کرێکارە کە ڕێژەی (%١١.٩٢)ی دەستی کار پێکدێنێت. سەرمایەی خەرجکراوی سەرجەم کارگەکان (٧٢٠٠٠) دۆلارە و بەمەش ڕێژەی (%١٩.٥٢) پێکدێنێت و ڕووبەری ئەم لقە

پیشەسازییە (٩٠٠٠)م٢ کە بەمەش ڕێژەی(%٩.٧٠)ی پیشەسازییە پلاستیکییەکان کە ڕۆژانە (٧٠٠٠) مەتر بۆڕی بەرهەم دەهێنن، پێکدێنێت.

٣- پیشەسازی هاڕینی پلاستیک: ئەم پیشەسازییە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بریتیە لە هاڕین و وردکردنی پلاستیکی لەکارکەوتوو. لەڕووی تێکڕای بایەخی ڕێژەییەوە بە پلەی سێیەم دێت و ڕێژەی (%٢.٧٠)ی تێکڕای بایەخی ڕێژەیی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت. لەڕووی سەرجەم پێوەرەکانی (ژمارەی کارگە و ژمارەی کرێکار و سەرمایە و ڕووبەر)دا بە پلەی سێیەم دێت بە جۆرێک ئەم لقە پیشەسازییە لە یەک کارگە پێکدێت و ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی (%٣.٣٣)ی کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت و ژمارەی کرێکار تێیدا (٤) کرێکارە کە ڕێژەی (%٢.٠٧)ی دەستی کار پێکدێنێت. سەرمایەی خەرجکراوی ئەم کارگەیە (٨٠٠٠) دۆلارە و بەمەش ڕێژەی (%٠.٠٢) پێکدێنێت و ڕووبەری ئەم لقە پیشەسازییە (٥٠٠٠)م٢، کە بەمەش ڕێژەی (%٥.٤٠)ی پیشەسازییە پلاستیکییەکان پێکدێنێت و لەڕۆژێکدا (١٥٠٠) کیلۆ پلاستیک دەهاڕێت.

شێوەی (١): ڕێژەی سەدیی پێوەرەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا، ساڵی ( ٢٠٢٣)



سەرچاوە: پشتبەست بە خشتەی (١).

وێنەی (١): پیشەسازییە پلاستیکییەکان و بەرهەمەکانیان لە قەزای پێنجوێندا، ٢٠٢٣




سەرچاوە: لە ڕێککەوتی (٦/٢٦- ٢٠٢٣/٧/٢).

**تەوەری دووەم: دابەشبوونی شوێنی جوگرافی  پیشەسازییەکان لە قەزای پێنجوێندا**

ئامانجەکانی توێژینەوەی هەر دیاردەیەکی جوگرافی بریتیە لە دوو مەبەست کە بریتین لە (لەکوێ و بۆچی): مەبەستی یەکەمیان بریتیە لە دیاریکردنی شوێنی دیاردەکە و دووەمیشیان ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دابەشبوونی ئەو دیاردەیە لەو شوێنەدا و بە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی وردەوە (احمد، ٢٠١٤: ٧٢). کەواتە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە لە بواری جوگرافیای پیشەسازیدا بریتیە لە خستنەڕووی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکان و ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، چونکە هیچ دیاردەیەکی جوگرافی بە

هەرەمەکی بڵاو نابێتەوە و بەڵکو جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان شوێنی دیاردە جوگرافییەکان و هۆکارەکاندا هەیە (محەمەدئەمین،٢٠١٧: ٦٤).


لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین دابەشبوونی شوێنی جوگرافی کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزای پێنجوێن بخەینەڕوو کە بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوون بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی قەزای پێنجوێندا، هەروەک لە خشتەی (٢) و نەخشەی (٢)دا بەدەردەکەوێت.

خشتەی (٢): دابەشبوونی جوگرافیی کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا، ساڵی(٢٠٢٣)

| ناحیە | ژمارەی کارگە | % |
|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر | ٢٤ | ٨٠ |
| ناحیەی گەرمک | ٥ | ١٦.٦٧ |
| ناحیەی ناڵپارێز | ١ | ٣.٣٣ |
| کۆ | ٣٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: پشتبەست بە نەخشەی ژمارە (٢).

نەخشەی(٢): دابەشبوونی شوێنی کارگەی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا



سەرچاوە: پاشکۆی(٣) پشتبەست  بە بەکارهێنانی Arc GIS.

لە خشتەی  (٢)دا بۆمان دەردەکەوێت کە ناحیەی سەنتەر لەڕووی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییە پلاستیکییەکانەوە بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (%٨٠)ی کارگە پیشەسازییەکانی قەزاکە دەکەونە ئەم سەنتەرە و هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەنتەربوونی ناوچەکە کە بازاڕی بەرهەمی جوتیارانە و جوتیاران بەردەوام سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن، ئەمە جگە لە نزیکی لە دەستی کارەوە و هەروەها سەرجەم خاوەن کارگەکان دانیشتوی شاری پێنجوێن و هەر بۆیە ئارەزووی ئەوەیانکردووە کە کارگەکانیان نزیک بێت لە خۆیان و لەسەر زەوی خۆیان بنیادیان ناوە. ناحیەی گەرمک بە پلەی دووەم دێت و ڕێژەی (%١٦.٦٧)ی کارگە پیشەسازییە پلاستیکییەکانی تێدا دامەزراوە و ئەمەش بۆ بوونی چالاکییەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە و خاوەنی کارگەکان هەوڵیانداوە لەو ناوچانەی کە نزیکن لە جوتیارانەوە و بازاڕی ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیانە کارگە دابمەزرێنن. و هەرچی تایبەتە بە ناحیەی ناڵپارێز کەمترین کارگەی پیشەسازی پلاستیکی تێدایە و تەنها ڕێژەی (%٣.٣٣)ی کارگە پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزاکەی لەخۆ گرتووە و هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەو جۆرە کشتوکاڵییانەی کە پێویستیان بەم بەرهەمە هەیە و کەمی زەوی کشتوکاڵی بەبەراورد بە هەردوو ناحیەکەی سەرەوە.

**تەوەری سێیەم: شێوازی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکان بە ڕێگای پەیوەندی هاوسێیەتی**

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زانستی جوگرافیا بریتیە لە دابەشکردنی دیاردەکان هەروەک دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی دیاردە جوگرافییەکان گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکاندا و بە تایبەت کە ئەم دابەشبوونە لەڕێگەی کەرەستەکانی چەندێتی ئامێری (GPS ) و بەرنامەکانی (GIS,SPSS)ەوە بێت، لەبەرئەوە ئێمە پشتمان بە بەکارهێنانی ئەم کەرەستە چەندێتیانە بەستووە تاوەکو بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە شێوازی دابەشبوونی کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

هاوکۆلکەی هاوسێیەتی نزیک (Average Nearest Neighbour) بە یەکێک لە گرنگترین پێوەرە ئامارییەکان بۆ ناسینی شێوازی دابەشبوونی دیاردە جوگرافییەکان لە یەکە و ڕووبەرێکی دیاریکراودا هەژماردەکرێت. گرنگیی ئەم بابەتە لەوەوە هاتووە کە پشت بە ڕێگایەکی ئاماریی بۆ پێوانەکردنی ماوەی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەیەک بەدەوری یەکتردا و لە دابەشبوونە شوێنییەکەیاندا دەبەستێت و بەجۆرێک کە دەکرێت دابەشبوونەکە هەڕەمەکی یان ڕێکوپێک یان کۆکراوە بێت و ئەگەر دابەشبوونەکە شێوازێکی دیاریکراوی وەرگرتبوو ئەوە بەمانای ئەوە دێت کە هێزێک و هۆکارێک لەپشت ئەم جۆرە دابەشبوونەدا هەیە (علی،٢٠٢٢: ٨٣).

ئەو ئەنجامەی کە لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی هاوسێی نزیکەوە* بەدەستمان هێناوە، پێویستی بە شیکردنەوە هەیە و لەبەرئەوە بۆ زانینی شێوازی دابەشبوونی کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزای پێنجوێن و بە پشتبەستن بە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) و هەروەها بۆ زانینی تەرزی دابەشبوون (دلیل انماط التوزیع) پەنا بۆ ئەم پێوەرەی خوارەوە دەبەین، هەروەک لەخشتەی (٣)دا دیاریکراوە:

خشتەی (٣): شێوازی دابەشبوون بە پێی هاوکۆلکەی هاوسێی نزیکەوە

| بەهای هاوکۆلکە | شێوازی دابەشبوونی |
|---|---|
| ٠.٠٠ – ٠.٠٩ | کۆبووەوە(متجمع) |
| ٠.١ – ٠.٤٩ | کۆبووەوەی نزیک لە هێشویی (متجمع متقارب عنقوي) |
| ٠.٥٠ – ٠.٩٩ | کۆبووەوەی نزیک لە هەڕەمەکی (متجمع متقارب عشوائي) |
| ١.٠٠ – ١.١٩ | هەڕەمەکی (عشوائی) |

*هاوکۆلکەی هاوسێیەتی نزیک بەشێوەیەکی ئاماری لەڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

RD=1/(2*√ DP)

RD= تێکڕای مەودای نزیکترین دراوسێ.


DP=چڕی ژمێریاری خاڵەکان لە ناوچەکەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(السماك و عزاوی،٢٠٠٨: ١٨٤–١٨٥).

| | |
|---|---|
| ١.٢٠ – ٢.١٥ | لێکدور (متباعد) |

سەرچاوە:- (السماک و العزاوی،٢٠٠٨: ١٨٥)

ئەنجامی بەهای شیکردنەوەی هاوکۆلکەی هاوسێی نزیک بریتییە لە (٠.٨٠)، ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان (٠.٥٠ – ٠.٩٩)، کە بەواتای کۆبووەوەی نزیک لە هەرەمەکی دێت، هەروەک لە شێوەی (٢)دا بەدیاردەکەوێت. هەروەها بەهای (z-score)بریتییە لە (-٢.٠٦) و بەهای (p-value) بریتییە لە (٠.٠٣٨٧٧١) و ئەمەش لە (٠.٠٥) کەمترە، کەواتە دەتوانین گریمانەی بنەڕەتی (سفری) ڕەت بکەینەوە کە دەڵێت دابەشبوونی کارگەی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزای پێنجوێن کە بە شێوەی هەرەمەکییە، هیچ هۆکارێکی لە پشتەوە نییە. هەروەها گریمانەی جێگرەوە کە دەڵێت دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکان تەرزێکی دیاریکراوی هەیە، پەسەند دەکەین کە بریتیە لە کەڵەکەبوون و ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان بریتییە لە دابەشبوون بە گوێرەی ناوچە کشتوکاڵییەکان لەبەرئەوەی بەرهەمی ئەم کارگانە لە لایەن جوتیارانەوە دەکرِدرێت و لە هەمان کاتیشدا نزیکییان لە سەنتەری قەزای پێنجوێن و دابەشبوونیان لە نزیک تۆڕەکانی ڕێگەوبانەوە. ئەمە جگە لە پێکهاتەی تۆپۆگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بوونی چەندین چیا ڕێگرن لە بڵاوبوونەوەی کارگەکان بەسەر هەموو ناوچەکانی قەزای پێنجوێندا.

شێوەی (٢): ئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ کارگە پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: بەکارهێنانی (Arc GIS 10.8) پشتبەست بە نەخشەی (٢).

**تەوەری چوارەم: هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازییە پلاستیکییەکان و گرفتە پیشەسازییەکان و چارەسەریان لە قەزای پێنجوێندا:**

**یەکەم: هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە قەزای پێنجوێندا:**

گومانی تێدا نیە کە دامەزراندنی هیچ کارگەیەکی پیشەسازی بە بێ هۆکار و پاڵنەر نابێت و گرنگی و بایەخی هۆکارەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە و پەیوەستبوونی پیشەسازییەکانیش بە هۆکارەکانەوە لە پیشەسازییەکەوە بۆ پیشەسازییەکیتر جیاوازە (محمد ئەمین،٢٠١٦: ١٠٢)، هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پشتبەست بە پاشکۆی (١) کە لە خشتەی (٤)دا هاتووە، بخەینەڕوو:

خشتەی(٤): دووبارەبوونەوەی هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا

| هۆکارەکانی جێگیربوون** | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| بازاڕ | ٣٠ | ٣١.٩١ |
| وزە و سوتەمەنی | ٢٩ | ٣٠.٨٥ |
| سەرمایە | ٢٠ | ٢١.٢٨ |
| خاوەنداریەتی زەوی | ١٥ | ١٥.٩٦ |
| سەرجەم | ٩٤* | ١٠٠ |

*ژمارەی دووبارەبونەوەی سەرجەم هۆکارەکانە واتە کاتێک لە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا پرسیارمان دەربارەی هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازیەکەکردووە لەو ناوچەیەدا (٩٤) دووبارەبونەوەی هۆکاریان پێداوین لە ناوچەکەدا لە سەرجەم کارگەکاندا، واتە بۆ هەر کارگەیەک زیاتر لە خۆکارێک هەبووە بۆ جێگیربوونی.

** هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی بەگوێرەی دووبارەبونەوەیان ڕیزبەندیان بۆکراوە.

سەرچاوە: پشتبەست بە پاشکۆی (٣).

لە خشتەی (٣)وە بۆمان دەردەکەوێت کە جێگیربوونی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هۆکارەکانی (بازاڕ و وزە و سوتەمەنی و سەرمایە و خاوەنداریەتی زەوی) دەگەڕێتەوە کە بازاڕ بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (٣١.٩١%)ی هۆکارەکان پێکدێنێت و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و بووەتە بازاڕێکی گرنگ بۆ بەرهەمی ئەم پیشەسازییانە. هەرچی تایبەتە بە وزە و سوتەمەنی کە ڕێژەی (٣٠.٨٥%) پێکدێنێت و بە پلەی دووەم دێت چونکە (٢٩) کارگەی ناوچەکە لە بەرهەمهێناندا پشت بە وزەی کارەبای نیشتمانی دەبەستێت کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٢٤) کاتژمێرییە و تەنها کارگەی هاڕینی پلاستیکی نەبێت کە لە پرۆسەی هاڕیندا گازوائیل بەکاردەهێنێت و لە پلەی سێیەمی سەرمایەدا دێت و ڕێژەی (٢١.٢٨%)ی هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازی پێکدێنێت. لە کۆتاییدا خاوەنداریەتی زەوی کۆتا پلەی گرتووە و تەنها ڕێژەی (١٥.٩٦%)ی هۆکارەکانی جێگیربوون پێکدێنێت کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی کارگەکان لەسەر زەوی خاوەنەکانیان دامەزراون و ئەو زەوییانە نەکرێدراون.

**دووەم: گرفتەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا**

پیشەسازییە پلاستیکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت بوونەتەوە، هەروەک لە خشتەی (٥)دا خراونەتە ڕوو:

خشتەی(٥): دووبارەبوونەوەی گرفتەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزای پێنجوێن

| گرفتە پیشەسازییەکان | دووبارە بوونەوەیان | % |
|---|---|---|
| کەرەستەی خاو | ٢٧ | ٢٩.٣٥ |
| پێنەدانی مۆڵەت | ٢٠ | ٢١.٧٤ |
| منافەسە (پێشبڕکێ) | ١٧ | ١٨.٤٨ |
| گرانی نرخی وزە | ١٥ | ١٦.٣٠ |
| خراپبوونی ئامێرەکان | ١٣ | ١٤.١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| سەرجەم | 92 | ١٠٠ |

سەرچاوە: پشتبەست بە پاشکۆی(٤).

لە خشتەی(٤)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گرفتی کەرەستەی خاو بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (%٢٩.٣٥) گرفتە پیشەسازییەکانی ناوچەکە پێکدێنێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی و گران بوونی نرخی کەرەستەی خاو بەتایبەتی لەو کاتانەی کە سنوور دەکرێتەوە و ڕێگە دەدرێت ئەم کەرەستە خاوانە کە پێکدێت لە پلاستیکی لەکارکەوتوو یاخود هاڕاو بنێردرێت بۆ وڵاتانی دراوسێ، هەروەها خراپ بوونی ئامێرەکان کۆتا پلەی گرفتەکانی گرتووە کە ڕێژەی(%١٤.١٣) پێکدێنێت و ئەم گرفتە خۆی دەبینێتەوە لە نەبوونی کەلوپەلی یەدەگی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە ناوخۆدا، بۆیە لەکاتی لەکارکەوتنی پارچەیەکی ئامێرێک دەبێت چەندین ڕۆژ چاوەڕێ بکەن تاوەکو لە وڵاتانی دراوسێوە بە دەستیان دەگات و هۆکاری کەمی ڕێژەی ئەم گرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ نوێیەتی ئامێرەکانی بەشێک لە کارگەکان لە ئێستادا.

**سێیەم: چارەسەری گرفتەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا**

ئەو گرفتانەی کە لە خاڵی دووەمدا خراونەتە ڕوو دیارترین گرفتە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەن کە بە پێویستی دەزانین زۆر بە کورتی چارەسەریان بۆ بخەینەڕوو:

١- کەرەستەی خاو: پلاستیکی هاڕاو کەرەستەی خاوی پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، پێویستە حکومەت لە پێناو بەردەوامی و بەرەوپێشچونی پیشەسازییە ناوخۆییەکان ڕێگە بگرێت لە چوونە دەرەوەی ئەم کەرەستە خاوە کە ئەمەش وادەکات بەردەوامی هەبێت و بە نرخێکی هەرزانتر دەست بکەوێت.

٢- پێدانی مۆڵەت: لەکۆی (٣٠) کارگەی پلاستیکی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (٢٠) کارگەیان مۆڵەتیان نیە و ئەمەش بۆ قورسی مەرجەکان و زۆری ڕێکارەکان و درووستکردنی گرفت لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەگەڕێتەوە. پێویستە لیژنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەکان بکەن و مەرجەکان لە

چوارچێوەی یاسادا کەم بکەنەوە کە ئەمەش دوو سودی هەیە: یەکەم کارگەکان مەترسی داخرانیان لەسەر نامێنێ و خاوەن کارگەکان هەوڵی بەرەوپێشبردنی دەبەن، دووەم سودی بۆ حکومەت هەیە کە کارگەکان بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت دەبێت ساڵانە باج بدەنە حکومەت.

٣- پێشبڕکێ (منافەسە): بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە خاوەن کارگەکان بازاڕێک لە قەزای پێنجوێن فراوانتر بدۆزنەوە و هەوڵبدەن بەرهەمەکانیان بنێرنە ناوچە جیاوازەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا و بەمەبەستی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و نەهێشتنی منافەسە.

٤- گرانی نرخی وزە: سەرجەم کارگە پلاستیکییەکان پشت دەبەستن بە وزەی کارەبای نیشتمانی کە لە ئێستادا نرخی هەر یەکەیەک لە (٣٥) دینارەوە بووە بە (١٣٥) دینار کە ئەمەش ڕاستەخۆ کار لە نرخی بەرهەم دەکات و لە بازاڕەکاندا گران دەبێت بۆیە پێویستە حکومەت هاوکاری کارگەکان بکات و نرخی وزەیان بۆ هەرزان بکات و هەروەها خاوەن کارگەکانیش هەوڵی بەدەستهێنانی وزە نوێ بووەوەکان بدەن و تاقە شەمسی دابنێن کە خەرجییەکەی یەکجارە و دەتوانن بێبەرامبەر وزەیان دەستبکەوێت، تاوەکو بتوانن بە هەرزانترین نرخ بەرهەمەکانیان بخەنە بازاڕەوە.

٥- خراپ بوونی ئامێرەکان: ئەو پارچانەی کە لە ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازییە پلاستیکییەکاندا لەکاردەکەون چەند پارچەیەکی دیاریکراون بۆیە پێویستە خاوەن کارگەکان لە لایەکەوە ساڵانە ئەندازیاری تایبەت بهێنن تاوەکو سەیری هەموو بەشەکانی ئامێرەکان بکەن و لە نەبوونی گرفت دڵنیاببنەوە و لە لایەکیترەوە خاوەنی هەموو کارگەکان ڕێکبکەون و دوکانێکی تایبەت بەو ئامێرانە دابنێن ئەمەش دەبێتە هۆی دڵنیاییەک بۆ کارگەکانی قەزای پێنجوێن کە لە کاتی لەکارکەوتنی هەر بەشێکدا بەئاسانترین شێوە بەدەستیان دەگات و لەلایەکیترەوە خاوەن کارگەکانی ناوچەکانیتری

کوردستان و عێراق لەکاتی بوونی گرفت لە ئامێرەکانیاندا ڕوودەکەنە ئەم بازاڕە و سوودیان زیاد دەبێت.

## ئەنجام

لە میانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا بەم دەرئەنجامانە گەیشتین:

١- کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان لەقەزای پێنجوێندا پێکهاتوون لە (٣٠) کارگە کە دابەشبوون بەسەر سێ جۆر بەرهەمدا کە کارگەکانی بەرهەمهێنانی سندووق بە پلەی یەکەم دێت و (٩٠%) کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان پێکدێنێت و کارگەی هاڕینی پلاستیک بە پلەی سێیەم دێت و تەنها (٣.٣٣%) پێکدێنێت، بەڵام بەرهەم هێنانی بۆڕی بە پلەی دووەم دێت و ڕێژەی (٦.٦٧%) پێکدێنێت.

٢- کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوون بەسەر ناحیەکانی قەزاکەدا بەجۆرێک ناحیەی سەنتەر بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (٨٠%)ی کارگەکان لەخۆ دەگرێت و هەروەها ناحیەی گەرمک ڕێژەی (١٦.٦٧%)ی کارگەکانی لێدامەزراوە، بەڵام ناحیەی ناڵپارێز کە لە پلەی سێیەمدا دێت تەنها (٣.٣٣%)ی کارگەکانی لەخۆدا گرتووە.

٣- سەبارەت بە پەیوەندی هاوسێیەتی کە دەرخەری شێوازی دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکانە ئەوە بەهای دراوسێیەتی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە (٠.٨٠) کە ئەمەش نیشانی دەدات کارگەکان بەشێوەی کۆبووەوەی نزیک لە هەرەمەکی دابەشبوون.

٤- هۆکاری جێگیربوونی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بازاڕ و وزە و سوتەمەنی و سەرمایە و خاوەنداریەتی زەوی) کە بازاڕ بە پلەی یەکەم

دێت و ڕێژەی (٣١.٩١%)ی هۆکارەکانی جێگیربوون پێکدێنێت و خاوەندارییەتی زەوی لە پلەی چوارەمدا دێت و ڕێژەی (١٥.٩٦%)ی هۆکارەکانی جێگیربوون پێکدێنێت.

## پێشنیاز

توێژینەوەکەمان پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

١- دانانی پلانێک لە لایەن حکومەتەوە بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنی کارگە پیشەسازییەکان بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێبکات لەوەی کە لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکان دابمەزرێن و هەروەها دابەشکردنیان بەسەر هەرسێ ناحیەکەدا بەمەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی هەلیکار بەسەر ناوچەکاندا.

٢- ڕێگریکردن لە ناردنەدەرەوەی کەرەستەی خاوی ئەم کارگانە کە پشت بە پلاستیکی لەکارکەوتوو دەبەستێت بەمەبەستی هەرزانبوونی بەرهەمەکەیان.

٣- ڕێگریکردن لە داخڵبوونی سندووق لە خاڵە سنوورییەکانەوە بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە بەرهەمی ناوخۆیی.

٤- کەمکردنەوەی نرخی کارەبا لەسەر کارگەکان کە لە ئێستادا بۆ هەر یەکەیەک (١٧٥) دینارە کە ئەم نرخە بەرزەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی تێچوونی بەرهەم هێنان.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١- احمد، ئامانج فواد (٢٠١٤)، *بنەماکانی پیشەسازی لە قەزای کەلار* (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی)، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

٢- علی، نەوشیروان داود (٢٠٢٢)، *بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە ناحیەی بازیان/لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی*، زانکۆی کۆیە.

٣- كريم، ديلمان كامل (٢٠٢٢)، *دابەشبوونی جوگرافی و کاریگەرییە ژینگەییەکانی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن*، نامەی ماستەر، زانکۆ سلێمانی.

٤- محەمەدئەمین، ڕزگار مستەفا (٢٠١٦)، *هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی* جێگیربوونی *پیشەسازی لە قەزای پشدەر*،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی.**

١- خليل،ژيان سلێمان (٢٠١٤)، *التركيب الصناعي في القضاء سيميل و تأثيراته البيئية*، رسالة ماجستير، جامعة دهوك.

٢- الزويني، وليد ايوب عباس ماجد (٢٠٢٢)، *التحليل الجغرافي للصناعات البلاستيكية في محافظة البصرة*، جامعة البصرة.

٣- السماک، محمد ازهر سعيد و التميمى،عباس علي (١٩٨٧)، *اسس جغرافية الصناعة و تطبيقاتها*،الموصل،مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.

٤- السماک، محمد أزهر و العزاوی، عبد عباس (٢٠٠٨)، *البحث الجغرافی بين المنهجية و التخصيصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة(GIS)*، الطبعة الاولي، دار ابن الاثير للطباعة و نشر، جامعة الموصل.

٥- هارون، على احمد (٢٠٠٢)، *جغرافية الصناعة*، دار الفكر العربي، القاهرة، المصر.

٦- الوطبان، حسين بن عبدالله، (٢٠١٠)، معجم *مصطلحات الصناعة*،ط١، مكتبة العبيكات للنشر، الرياض، سعوديه.

پاشکۆی (١)

**فۆرمی ڕاپرسی**

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

فاکەڵتی پەروەردە

بەشی جوگرافیا

کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێن

زانیاری ئەم فۆڕمە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردێت، بۆیە جەخت لەسەر پاراستنی زانیارییەکان دەکەینەوە. وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم فۆڕمە خزمەتکردنە بەم توێژینەوە زانستییە کە بە ناونیشانی **(شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ کارگەکانی بەرهەمە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا)** لەبواری جوگرافیای پیشەسازیدا ئەنجام دەدرێت.

توێژەر

م.ی. نەوشیروان داود علی

توێژەر

پ.د. احمد جلیل اسماعیل

توێژەر

م.ی. نێچیرڤان خیرالدین عبدالهادی

٢٠٢٣

- ✓ ناوی کارگە.................................. ، جۆری کارگە......................................
- ✓ ساڵی دامەزراندنی.........................، قەزای پێنجوێن، ناحیەی......................
- ✓ بڕی سەرمایەی خەرجکراو...........................، سەرچاوەی سەرمایەکە....................
- ✓ ڕووبەری کارگە...........................، خاوەنداریەتی زەوی..............................
- ✓ سەرچاوەی کەرەستەی خاو.....................، بڕی بەکارهێنانی لە ڕۆژێکدا..........................

- ✓ بڕی ئاوی پێویست....................لیتر، مەبەستی بەکارهێنان.............................
- ✓ جۆری بەرهەم.............................بڕی بەرهەم.......................ڕۆژانە، چەند جۆر بەرهەمی هەیە..........................
- ✓ کارگەکە توانای بەرهەم هێنانی چەندی هەیە لە ڕۆژێکدا.............................
- ✓ بازاڕی بەرهەمەکەتان کوێیە، قەزای پێنجوێن ڕێژەی........ قەزاکانیتر...... ڕێژەی......
- ✓ لە چ وەرزێکدا زۆرترین بڕ دەفرۆشن؟............. بۆچی؟......................
- ✓ ژمارەی کرێکار................، کرێی کرێکار........................کرێکاری ناوخۆیی..............کەس، کرێکاری دەرەکی.........کەس.
- ✓ جۆری سوتەمەنی بەکارهێنراو.............بڕی سوتەمەنی بەکارهێنراو................ لە ڕۆژێکدا، نرخەکەی.................، ئایا حکومەت بۆتان دابین دەکات؟...................
- ✓ بۆ کەرەستەی خاو گومرک دەدەن؟........... بڕەکەی بۆ هەر تەنێک................دینار.
- ✓ گرنگترین کێشەکانتان چین.................،........................، .........................
- ✓ هۆکاری دامەزراندنی ئەم کارگەیە لەم ناوچەیەدا........................،......................
- ✓ ئەم کارگەیە پاشماوەی هەیە؟.........چ جۆرێکە؟........... لە کوێ فڕێی دەدەن؟...........
- ✓ پێشنیارتان چیە بۆ زیادکردنی بڕی بەرهەم و بازاڕ......................................
- ✓ هەر تێبینییەکیتر...................................................................................

**زۆر سوپاس بۆ هاوکاریتان**

پاشکۆی (٢)

ناو و جۆری بەرهەم و ژمارەی دەستی کار و سەرمایە و ڕووبەری کارگەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکانی قەزای پێنجوێن، ٢٠٢٣

| ناوی کارگە | ساڵی دامەزراندن | جۆری بەرهەم | ژ. کرێکار | سەرمایە بە $100 | ڕووبەر بە م٢ | بەرهەم ڕۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی لۆنا | ٢٠٢١ | بۆڕی | ٢٠ | ٧٠٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ٦٠٠٠ |
| بۆڕی هێژا | ٢٠١٩ | بۆڕی | ٣ | ٢٠٠٠ | ١٥٠٠ | ١٠٠٠ |
| هاڕینی پلاستیک | ٢٠٠٨ | هاڕین | ٤ | ٨٠ | ٥٠٠٠ | ١٥٠٠ |
| پلاستیکی هەنی | ٢٠٢٠ | سندووق | ٨ | ١٢٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سندووقی هێژا | ٢٠١٧ | سندووق | ٦ | ٨٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٢٥٠٠ |
| پلاستیکی جوتیاران | ٢٠١٨ | سندووق | ١٠ | ٣٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٥٥٠٠ |
| پلاستیکی یاسین | ٢٠١٧ | سندووق | ٦ | ٦٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ |
| پلاستیکی کانی مانگ | ٢٠٢٠ | سندووق | ٤ | ٨٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٢٧٠٠ |
| پلاستیکی برایان | ٢٠١٨ | سندووق | ٧ | ٦٠٠٠ | ٣٥٠٠ | ٢٠٠٠ |
| تۆکمە پلاستیک | ٢٠٢١ | سندووق | ١٢ | ١٢٠٠٠ | ١٥٠٠ | ٨٥٠٠ |
| پلاستیکی ڕاوگان | ٢٠١٩ | سندووق | ٤ | ١٤٠٠٠ | ٣٠٠ | ٢٠٠٠ |
| سندووقی کەژان | ٢٠١٩ | سندووق | ٨ | ٦٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٢٤٠٠ |
| پلاستیکی هەنار | ٢٠١٩ | سندووق | ٦ | ٨٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٢٥٠٠ |
| پلاستیکی ئەنەس | ٢٠٢٠ | سندووق | ٤ | ١٢٠٠٠ | ٨٠٠ | ٢٠٠٠ |
| پلاستیکی گەرمک | ٢٠١٦ | سندووق | ١٠ | ٣٥٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| پلاستیکی ئاڵیاوا | ٢٠٢٠ | سندووق | ٥ | ٦٠٠٠ | ٧٥٠٠ | ١٥٠٠ |
| پلاستیکی بەرهەم | ٢٠١٧ | سندووق | ٤ | ١٧٠٠٠ | ١٥٠ | ٢٢٠٠ |
| عەلوەی جوتیاران | ٢٠١٩ | سندووق | ٦ | ٦٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ١٨٠٠ |
| پلاستیکی شادیار | ٢٠١٩ | سندووق | ٤ | ٢٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٢٥٠٠ |
| پلاستیکی سۆفیا | ٢٠٢٠ | سندووق | ٤ | ٩٠٠٠ | ٥٠٠ | ١٤٤٠ |
| پلاستیکی محمد | ٢٠٢١ | سندووق | ٨ | ١٨٠٠٠ | ٣٥٠٠ | ١٠٠٠ |
| پلاستیکی نزارە | ٢٠٢٠ | سندووق | ٦ | ٢٥٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٣٠٠٠ |
| سندووقی پێنجوێن | ٢٠١٨ | سندووق | ٦ | ٨٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٢٥٠٠ |
| سندووقی مەسۆ | ٢٠١٩ | سندووق | ٤ | ٦٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ |
| سندووقی بارەوا | ٢٠٢٠ | سندووق | ٥ | ٦٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ١٥٠٠ |
| کەژان پلاستیک | ٢٠٢٢ | سندووق | ٦ | ٦٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٧٠٠ |
| گەرمک پلاستیک | ٢٠٢١ | سندووق | ٥ | ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٥٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی بەشداریوسف | ٢٠٢٠ | سندووق | ٦ | ٧٠٠٠ | ٥٠٠ | ٢٠٠٠ |
| پلاستیکی وریاوا | ٢٠٢٠ | سندووق | ٦ | ٨٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ٢٣٠٠ |
| پلاستیکی یادگار | ٢٠٢١ | سندووق | ٦ | ٨٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ |
| کۆ | | ٣٠ | ١٩٣ | ٣٦٩٠٨٠ | ٩٢٧٥٠ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١)

پاشکۆی (٣)

هێڵی درێژی و بازنەی پانی و هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا

| ناوی کارگە | بازنەی پانی Y | هێڵی درێژیX | هۆکاری بازاڕ | وزە و سوتەمەنی | سەرمایە | خاوەندارییەتی زەوی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی لۆنا | 353804 | 455541 | ١ | ١ | | ١ |
| بۆری هێژا | 353802 | 455538 | ١ | ١ | ١ | ١ |
| هارپینی پلاستیک | 353757 | 455532 | ١ | | ١ | |
| پلاستیکی هەنی | 353803 | 455528 | ١ | ١ | ١ | |
| سندووقی هێژا | 353811 | 455423 | ١ | ١ | ١ | |
| پلاستیکی جوتیاران | 353804 | 455334 | ١ | ١ | | ١ |
| پلاستیکی یاسین | 353814 | 455602 | ١ | ١ | | |
| پلاستیکی کانی مانگ | 353814 | 455636 | ١ | ١ | ١ | ١ |
| پلاستیکی برایان | 353757 | 455717 | ١ | ١ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ١ | ١ | 455757 | 353745 | تۆکمە پلاستیک |
| ١ | ١ | ١ | ١ | 455557 | 353842 | پلاستیکی ڕاوگان |
| | ١ | ١ | ١ | 455954 | 353912 | سندووقی کەژان |
| ١ | | ١ | ١ | 455613 | 353954 | پلاستیکی هەنار |
| | ١ | ١ | ١ | 455614 | 354042 | پلاستیکی ئەنەس |
| | ١ | ١ | ١ | 455620 | 354041 | پلاستیکی گەرمک |
| ١ | ١ | ١ | ١ | 455625 | 354057 | پلاستیکی ئاڵیاوا |
| | ١ | ١ | ١ | 455446 | 353549 | پلاستیکی بەرهەم |
| | ١ | ١ | ١ | 455459 | 353533 | عەلوەی جوتیاران |
| | ١ | ١ | ١ | 455501 | 353523 | پلاستیکی شادیار |
| ١ | ١ | ١ | ١ | 455505 | 353515 | پلاستیکی سۆفیا |
| | ١ | ١ | ١ | 455506 | 353513 | پلاستیکی محمد |
| | ١ | ١ | ١ | 455413 | 353418 | پلاستیکی نزارە |
| | | ١ | ١ | 455707 | 354351 | سندووقی پێنجوێن |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سندووقی مەسۆ | 354338 | 455633 | ١ | ١ | | ١ |
| سندووقی بارەوا | 354211 | 455622 | ١ | ١ | ١ | |
| کەژان پلاستیک | 354126 | 455430 | ١ | ١ | | ١ |
| گەرمک پلاستیک | 354107 | 455622 | ١ | ١ | ١ | ١ |
| پلاستیکی بەشداریوسف | 354439 | 455150 | ١ | ١ | ١ | ١ |
| پلاستیکی وریاوا | 353804 | 455541 | ١ | ١ | | ١ |
| پلاستیکی یادگار | 353802 | 455538 | ١ | ١ | | ١ |
| کۆ | | | ٣٠ | ٢٩ | ٢٠ | ١٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١)

## پاشکۆی (٤)

گرفتەکانی پیشەسازییە پلاستیکییەکان لە قەزای پێنجوێندا

| ناوی کارگە | گرفتی کەرەستەی خاو | پێنەدانی مۆڵەت | گرفتی منافەسە | گرانی نرخی وزە | خراپبوونی ئامێر |
|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی لۆنا | | | | ١ | |
| بۆری هێژا | | | ١ | ١ | |
| هارینی پلاستیک | | ١ | | | ١ |
| پلاستیکی هەنی | ١ | ١ | | | ١ |
| سندووقی هێژا | ١ | | ١ | | |
| پلاستیکی جوتیاران | ١ | ١ | | ١ | ١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی یاسین | ١ | | | | |
| پلاستیکی کانی مانگ | ١ | ١ | ١ | ١ | |
| پلاستیکی برایان | ١ | | | | ١ |
| تۆکمە پلاستیک | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| پلاستیکی ڕاوگان | ١ | ١ | ١ | ١ | |
| سندووقی کەژان | ١ | ١ | ١ | | ١ |
| پلاستیکی هەنار | ١ | ١ | | ١ | |
| پلاستیکی ئەنەس | ١ | ١ | ١ | | |
| پلاستیکی گەرمک | ١ | ١ | ١ | | ١ |
| پلاستیکی ئاڵیاوا | ١ | ١ | ١ | ١ | |
| پلاستیکی بەرهەم | ١ | ١ | ١ | | ١ |
| عەلوەی جوتیاران | ١ | ١ | | | |
| پلاستیکی شادیار | ١ | | ١ | | ١ |
| پلاستیکی سۆفیا | ١ | ١ | ١ | ١ | |
| پلاستیکی محمد | ١ | | ١ | | |
| پلاستیکی نزارە | ١ | | ١ | | |
| سندووقی پێنجوێن | ١ | ١ | | | |
| سندووقی مەسۆ | ١ | ١ | | ١ | |
| سندووقی بارەوا | ١ | ١ | ١ | | ١ |
| کەژان پلاستیک | ١ | | | ١ | ١ |
| گەرمک پلاستیک | ١ | | ١ | ١ | |
| پلاستیکی بەشداریوسف | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| پلاستیکی وریاوا | ١ | ١ | | ١ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پلاستیکی یادگار | ١ | ١ | | ١ | ١ |
| کۆ | ٢٧ | ٢٠ | ١٧ | ١٥ | ١٣ |

سەرچاوە: کاری تویژەر پشتبەست بە پاشکۆی (١).

**الملخص**

يضم القطاع الصناعي العديد من الفروع والانشطة الصناعية التي تنتج أنواع مختلفة من المنتجات، بما في ذلك المنتجات البلاستيكية ، وذلك بسبب الزيادة الكبيرة والمستمرة في الاحتياجات البشرية وقد ازدادت هذه ألاهمية وتنوعت المنتجات الصناعية من أجل تلبية هذه الاحتياجات ولقد ساعدت هذه الاهمية الكبيرة لمنتجات الصناعات البلاستيكية بوجود العديد من مصانع انتاج هذه المواد (محليا ودوليا) وان منطقة الدراسة (قضاء بنجوين) كان لها النصيب من انتاج هذه المواد الصناعية وحالياً تضم العديد من المصانع لذلك حاولنا دراسة هذا الموضوع وهو تحليل جغرافي لمصانع المنتجات البلاستيكية في قضاء بنجوين

تأتي أهمية بحثنا من خلال معرفة طبيعة هذه الصناعة والتي وفرت فرص عمل لكثير من الناس في منطقة الدراسة وتلبية احتياجات المنطقة من المنتجات البلاستيكية.وعليه فان الدراسة تهدف الى تحليل التركيب الصناعي لمعامل انتاج المواد البلاستيكية وتحديد مناطق توزيعها الجغرافي وذلك من اجل الوصول الى اعطاء صورة حقيقية لها في منطقة الدراسة بحيث يمكن للجهات المعنية الاستفادة منها في خططها المستقبلية.

ولتحقيق الاهداف اعلاه اعتمدنا على المنهج استقرائي وفي نهاية الدراسة توصلنا الى مجموعة من النتائج منها ان مصانع المنتجات البلاستيكية موزعة بشكل غير متساو بين نواحي منطقة الدراسة،اذ تأتي ناحية المركزبالمرتبة الاولى وبنسبة (٨٠٪) من اعداد المعامل تليها ناحية كرمك استحوذت على ١٦.٦٧٪ من المصانع بينما استحوذت منطقة نالباريز على ٣.٣٣٪ فقط من المصانع ، وكان اتجاه توزيع المصانع في منطقة الدراسة من الشمال الشرقي إلى الجنوب الغربي.

الكلمات الدالة (المنتجات البلاستيكية،التركيب الصناعي،التوزيع المكاني).